# مەچەکبەند بۆ ژماردنی هەنگاوەکان

هەرچەندە ئامێرەکانی دیجیتالی تەکنەلۆژیای سەردەم وایان کردووە حەسانەوەی زیاتر بە مرۆڤ ببەخشن و لەبارەی جەستەییەوە مرۆڤ تەمبەڵ و بێ جوڵە بکەن کە ئەمەش لەخۆیدا کاریگەری نەرێنی بووە و قەڵەوی و کێش زۆری بەشێکی بۆ ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی سەردەم دەگەڕێتەوە، بەڵام ئامێری واش هەیە کە دیجیتالییە و لەخزمەت تەندروستی مرۆڤدایە وەک مەچەکبەندی Jawbone up24 کە هەموو هەنگاوەکانت دەژمێرێت و بە چارتەر لەسەر مۆبایل نیشانی دەدات و کاتێک نیازتان هەیە پشوو بدەن، بیرتان دەخاتەوە کە تەمبەڵی بەسە. کاتێک نیازت هەیە بۆ شوێنێک بڕۆی و پێشتر بە ئامێرەکە گوتراوە کە دەبێت چەند کیلۆمەتر بڕۆی، بەردەوام بیرت دەخاتەوە کە هەنگاوەکانت خێراتر بکە. ئەگەر چەند ڕۆژێک نیازت هەبوو وەرزش نەکەی، بە ڕێژەوە بە پەیامێک بۆ مۆبایلەکەت دەنێرێ و دەنووسێ، هاوڕێ هەستە لە جێگەکەت و هەندێک ڕاهێنان بکە. کاتژمێری زەنگی هەیە کە تەنیا بۆ لە خەوهەستان نییە، بەڵکو ئاگادارت دەکاتەوە کە ئەم کاتە پێویستت بە خەوە ئەگەر شەوانە درەنگ بخەوی. لە خواردنی ڕۆژانەش ئاگادارت دەکاتەوە.






# پایسکلی هۆشمەندی کارەبایی

لە نێو ئەو ئامێرانەی کە مرۆڤ هەتا ئێستا دایهێناون، پایسکل لە ریزی یەکەم دێت کە تەنیا ئامێرێك بووە سوودی هەبووە بەبێ ئەوەی زیانی گەیاندبێت، واتە وەك ئۆتۆمبێل، فڕۆکە و هەزاران ئامێری دیکە ژینگەیان پیس نەکردووە. لە توێژینەوەیەکدا بۆ ئەو ئامێرانەی کە مرۆڤ بەرهەمی هێناون، پایسکل لە ریزی یەکەم بۆ باشی و عەلاگەی زبڵ لە ریزی یەکەم بۆ خراپی و تێکدانی ژینگە ناسێندراون، بەڵام پایسکل بۆ تەندروستی و وەرزش و سەلامەتی مرۆڤ سوودی زۆری لێوەرگیراوە، ئێستاکە گۆڕانێك لە پایسکلدا هاتووە، ئەوەیش بەرەو هۆشمەندی چووە. پایسکلی جۆری JIVR هۆشمەندە و بە قسە فەرمانی پێدەکەی و لەگەڵ ئامێرەکانی وەك مۆبایل و تەبلێت پەیوەند دەدرێت، بە کارەبا شەحن دەبێتەوە و بەیەك جار شەحنکردنەوە دەتوانێ دە کیلۆمەتر بەبێ پێدان لێدان بڕوات، لە هەمووشی گرنگتر دەنووشێتەوە دەتوانی بۆ هەموو شوێنێك لەگەڵ خۆتی بەری.

# کامێرایەک بۆ تۆمارکردنی رووداوەکانی هاتوچۆ




پایسکل سوارێك لە شوێنە قەرەباڵغەکان شاردا بەردەوام رووداوی هاتوچۆی دیوە، ئەمەش وای لێکـــردووە بیر لەداهێنانی کامێرایەکی تایبەت بکاتەوە کە ئەم رووداوانە و دیمەنی دی بە روونی و گەشی فۆل ئیچ دی تۆمار بکات.

کامێرای جۆری FLY12 کە هەم کامێرایەکی بەهێز و هەم گلۆپێکی تایبەت بە پایســـکلە و کێشەکەی تەنیا 209 گرامە، بە تەڕ بوون تێکناچێت. ئەم کامێرایە لەسەر دەسکی پایسکل دادەندرێت و بە گۆشەی 130 پلە فیلمی Full HD بگرێت. جگە لە هەڵگرتنەوەی فیلمیش کامێراکە مەودای رۆیشتنی پایسکلەکە تۆمار دەکات و بەو هێڵەی لەسەر وێنەکە دەکیشێت مەودای نێوان ئۆتۆمبێلەکان لە کاتی رۆیشتندا نیشان دەدات.



# تەکنەلۆژیای دیجیتالی لە خزمەت تەندروستیدا

قەڵەوی لەم ســـەردەمەدا وەك نەخۆشی ســـەیر دەکرێت، تەنانەت ناوەندی تەندروستی جیهانی ساڵی رابردوو رایگەیاند کە قەڵەوی وەك کەمئەندامی وایە، بەڵام زۆر رێگە و شێواز هەن بۆ دابەزاندنی کێشی لەش، لەوانە وەرزش و رێجیمی خۆراکی گەورەترین هۆکارن بۆ دابەزاندنی کێشی لەش. بەڵام بەهۆی ئەو ئامێرەی کە وێنەکەی لێرەدا دەبینن، بە ئاسانی دەکرێت رێجیم بگری. ئەم ئامێرە دەخرێتە ناو گەدەی مرۆڤەوە، ئەو شەپۆلانەی کە گەدە بۆ مێشکی دەنێرێت دەســـتکاری دەکات و لە بری ناردنی پەیامی برسێتی بۆ مێشك، هەستی تێربوون بۆ مرۆڤ دەنێرێ.




# ئامێرێکی دیجیتالی منداڵان ژێر دەکاتەوە

ئەو کۆرپەلانەی کە تـــازە لەدایك دەبن، هەتا ماوەی ســـاڵێك یەکێك لە گرفتەکانیان گریانی شەوانەیە، بەمە نەك تەنیا منداڵەکە، بەڵکو دایکی منداڵەکەش تووشی بێخەوی دەبێت، بەڵام جیهانی تەکنەلۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئامێرێکـــی دیجیتالی بەرهەم هێنـــاوە. ئامێرەکە کە بە GUIETE NIGHT ناسراوە بە وتەی بەرهەمهێنەرەکەی 20 ساڵی خایاندووە تاکو توانیویەتی سەرکەوتنی تێدا بەدەست بێنێ. ئامێرەکە وەك بووکەڵەیەك دەچێت و زیاتر لـــە 125 ئاوازی تێدا تۆمار کـــراوە. ئامێرەکە بەپێی هەڵبژاردنی منداڵەکە ئەو ئاوازە لەخۆیدا تۆمار دەکات کە پێشوتر منداڵەکە پێی ژێر بۆتەوە. ئامێرەکە جگە لە ژێرکردنی منداڵەکە دەبێتە هۆی گەشەکردنی مێشکی منداڵەکەش.





# پرۆگرامێک بۆ ئێفێکت دانان لەسەر فیلم

گەلێك پرۆگـــرام هەن کە ئەرکیان دەســـتکاریکردنی فیلم، گۆڕینـــی فۆرمات و کوالیتی فیلم، مونتاژ و دابەشـــکردنی فیلم و دانانی ئیفێکت لەسەر فیلمە..

پرۆگرامی BORIS FX یەکێکە لەو پرۆگرامە پێشکەوتووانە، کە سەدان ئیفێکتی ڤیدیۆیی تێدایە، بوونی ئەم گشت ئیفێکتە وا دەکات مونتاژێکی زۆر هونەری بکەی. جۆرەکانی ئێفێکتە ســەرنج ڕاکێشــەکان لە بوارگەلی جیاجیادا و بوونی فیلتەری جۆراوجۆر فیلمەکەت وەك فیلمێکی ســینەمایی سەیر بکرێت. Boris fx جگە لەوەی کە وەك پرۆگرامێکی سەربەخۆ دادەنرێت دەکرێت وەك (پلاگیـــن) plugine یش بێت بۆ پرۆگرامەکانی تر. لە کتێبخانەی پرۆگرامەکەدا، کۆمەڵێك ئیفێکتی لە پێشدا ئامادەکراو بە کوالیتی بەرز، زیاتر لە 200 فیلتەر، شــتی سێ ڕەهەندی ئەندازەیی تێدایە کە بەکارهێنەر دەتوانێ بە ئاســانی سوودیان لێ ببینێ.



# ئەو ئامێرە لە لێخوڕینی ئۆتۆمبیلدا ڕێنماییت دەکا

لەم چەند ســاڵی داهاتوودا هیچ ئامێرێك بە قەد ئۆتۆمبێل بەرەو هۆشــمەند بوون ناڕوات، چونکە هەر لە ئێستاوە ئاماژەکان دیارن وەك بوونی شۆفێری هۆشمەند، و پارککردنی هۆشمەند و ...تاد. ئۆتۆمبێلە هۆشــمەندەکان لە بــواری نرخەوە گرانبەهان، بەڵام ئەم ئامێرە هۆشمەندە کە بە Carvi ناسراوە لە سەر داشبۆرد دادەنرێت، هەموو ئۆتۆمبێلێك دەکاتە هۆشــمەند. لەســەر ئەم ئامێرە کامێرایەك هەیە بەردەوام لە حاڵی شیکردنەوە و لێکدانەوەی وەزعییەتی ئۆتۆمبێلەکەیە و زانیارییەکان بۆ ســەر مۆبایل بەڕێ دەکات و دەستنیشانی هەڵەکانی شۆفێر دەکات و دواتر دەکرێت ســەیری ئەو هەڵانــە بکەی کە لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلدا ئەنجامت داون.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرســێت: من زیاتر بۆ کردنەوەی ســایتەکان پرۆگرامی گوگل کرۆم بەکار دێنم، بەڵام دەبینم خێرایی گوگل کرۆمەکە وەك پێشوو نییە، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

خوێنەری بەڕێز بە مەبەســتی خێرایی کردنەوەی سایتەکان لە گوگل کرۆم، پێویستە پێکەوە چەند پەیجێك نەکەیەوە، دواتر پرۆگرامە زیادییەکان دامەبەزێنە سەر گوگل کرۆم. ئەوانەی ئاسانکاری دەکەن لە گوگل کرۆمدا. بەڵام باشترین هەنگاو ئەوەیە بچیتە سەر بەشی SITTING لەودا بچۆ سەر بەشی SYSTEM و لەودا ئەو شوێنەی ئەو ڕستەی USE HARDWARE ACCELERATION WHEN AVAILABLE لێنووسراوە لە چالاکی رابگرە.




# بڵندگۆیەکی هۆشمەند فەرمانە دەنگییەکان جێبەجێ دەکات

کۆمپانیــای ســۆنی نوێترین ســپیکەر واتە (بڵندگۆ)ی هۆشــمەندی خۆی خستەڕوو جگە لە ستایلە سەرنجڕاکێشــەکەی توانایەکی تایبەتیشی هەیــە. بڵندگــۆی جــۆری BSP60 دەکرێــت وەك رکابەرێکی جدی بۆ ســپیکەری ئامازۆن ســەیر بکرێت. ســپیکەرەکە لــە رێگەی بلوتوســەوە بە ئامێرەکانــی دیکە پەیوەند دەدرێــت و تایبەتمەندی گرنگی ئامێرەکە ئەوەیە کە بە دەنگی خۆت دەکرێ فەرمانــی پێبکەی، کاتێك رســتەی (okay speaker) بڵێــی، ئەرکەکانی وەك رێکخســتنی تایم، زەنگ لێدان، خوێندنەوەی پەیامە نوێیەکان. ئەنجام بدەی. سپیکەرەکە دەتوانێت کەش و هەواش بخوێنێتەوە.

# مینی کۆمپیوتەرێکی بەهێز

مینی کۆمپیوتەرەکان بــەو کۆمپیوتەرانە دەگوترێن کە لەگەڵ ئەوەیدا کە قەبارەکان بچووکە، بەڵام هەموو ئەرکی کۆمپیوتەرێکی مەزن ئەنجام دەدەن. مینی کۆمپیوتەرێکی بەهێز کە بە جۆری rock canyon ناســراوە، خاوەنی پرۆسیسەری بەهێزی core i7 یەو (پرۆسسیەر یەکەی ناوەندی لێکدانەوەو لە راستیدا دڵی کۆمپیوتەرە) بەهێزترین کارتی گرافیکی لەســەرە و چوار میگابایتە. خێرایی کۆمپیوتەرەکە 3 گیگایە. ئەو ئامێرە پشتیوانی لە مۆنیتۆرەکانی جۆری K4 دەکات. هەموو کەلێنەکانی پەیوەندی هەیە، جگە لەوەش پەیوەندییە وایەرلەیســەکانیش وەردەگرێت.







حەز دەکەی بزانی ئەو دی ئۆکسیدی کەربۆنەی ئێستاکە بەرهەم دێت چەندە؟ یان حەز دەکەی بزانی کۆی گشــتی نەوت و غازی جیهان چەندە، یان ئاماری ئێســتای دانیشتووانی جیهان چەندەیە؟ چەند کەس ئێستا لە دایك بوون و چەندیشیان مردوون؟ ئایا حەز دەکەی هەمووی ئەوانە سات بە سات بزانی؟ ئەگەر حەز دەکەی هەموو ئەو زانیاریانەی و زانیاری وردتر ســەبارەت بە ئاماری جیهان بزانی سەر لە سایتی WORLD METERS بدە.